# رۆشەنبیر و حیزب

هەندرێن حەمەدەمین



## لەگەل رێژم بۆ رۆشەنبیرانی خاوەن هەلوێست

کاتێک کە رۆشنبیر ئەگاتە قۆناغی پیربوون و توانای گەشەکردنی زیاتری نامێنێت، یان کاتێک کە رۆشەنبیر  ئاڕاستەی بەرەو ژوور چوون و بەرفرەوان بوونی ئەگاتە ئاستی وەستان، ئەوا بەشێوەیەکی سروشتی کۆمەلێک نەخۆشی جۆراوجۆر گەمارۆی ئەدەن، یان ئەوەتە لە شوێنی خۆی پەنگ ئەخواتەوە و بیر و باوڕەکانی ئەبن بە زەلکاوێکی پڕ لە نەخۆشی، یان ئەوەتە جولەی بە ئاڕاستەی سەروژێر ئەبێت و ووردە ووردە لە تەسک بوونەوەیەک ئەبێت کە ناتوانێ جێگای بیر و باوڕەکانی خۆی لەناو خۆیدا بکاتەوە، بۆیە بەبێ گومان هەموو بیر و باوڕەکانیتر رەت ئەکاتەوە،

## ئەی بۆ ئەبن بە حیزبی؟

حیزب پاگەندەی ئەوە ئەکات کە هەلگری بیر و باوڕە و لە پێناو بەرژەوەندیەکانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەل خەبات ئەکات و جێگای هەموو بۆچوونەکانی تیا ئەبێتەوە، ئەم دروشمە لە ناو هەموو پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە راشکاوانە دەخوێندرێتەوە.

## چۆن حیزبێک ئەتوانێ ببێت بە نوێنەری هەموو چین و توێژەکان؟

وەک ئەوەی کە هیچ جۆرە ململانەیەک لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەل نەبێت و هەر هەموویان یەک بەرژەوەندیان هەبێت، ئایا ئەوە بەرژەوەندی چین و توێژەکانی کۆمەلە کە لەڕێگای حیزبەوە بەدەست دێت،یان تەواو بەپێچەوانەوە ئەوە برژەوەندیەکانی حیزبە بە چەواشەکردنی چین و توێژەکانی کۆمەل پشت ئەستور ئەبێت؟

کرێکارێک، چووتیارێک،خوێندکارێک، بگرە مامۆستایەکیش چەواشە ئەکرێت و وا تێئەگەیندرێت کە خالی سەرەکی، هەنگاوی یەکەم خەباتی نەتەوایەتیە و ئەبێ هەر هەموومان بە یەک دەنگ بە یەک رەنگ لە چوارچێوەی یەک حیزب کۆببینەوە بەبێ ئەوەی کە هیچ لاریەک لەفەرمایشتەکانی سەرەوەی حیزب بکەین.



## ئایا رۆشەنبیریش چەواشە ئەکرێت؟

**یان رۆشەنبیر چەواشەکەرە؟** ئەگەر رۆشەنبیر ئەوە کەسە هۆشیار و تێگەیشتووە بێت کە پێشەوایەتی بواری فەرهەنگی و زانستی و کەلتوری کۆمەل ئەکات و هەر خۆیشی پێوەری ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری کۆمەلە، چۆن ئەکرێت و کێ ئەتوانێت کە چەواشەی بکات؟؟؟

کەسە حیزبیەکان هەلگری ئایدۆلۆژیاییکین کە مەبەست و ئامانجی سەرەکیان گەیشتنە بە دەسەلات، بیانوی هەرە سەرەکیشیان ئەوەیە کە ناتوانن بەبێ دەسەلات گۆڕنکاری درووست بکەن، پێیان وایە دەسەلات سەرچاوەی هەموو گۆڕانکاریەکانە، رۆشەنبیریش کاتێک کە توانای خۆی لەدەست ئەدات ئەگات بە هەمان باوڕ، جیهانە بەرفرەوانەکەی خۆی تەسک و بچوک ئەکاتەوە و بە زۆر خۆی ئەخزێنێتە ناو حیزب و پاگەندەی ئەوە ئەکات کە ئەبێ گۆڕانکاریەکان لە ناوەوە بن،خۆ بچوککردنەوەی رۆشەنبیر بۆ مالە بچوکەکانی حیزب، یان خۆدۆڕاندنە یان ئاشکراکردنی ئیفلیج بوونی رۆشەنبیرە، ئەو ئەزمونانە زۆرن کە ئەم قسەیە ئەسەلمێنن، ژمارەیەکی زۆر لە رۆشەنبیرانمان بینی کە درۆیەکی گەورەیان لەگەل خۆیان و لەگەل کۆمەل کرد، بە ئێمەیان گووت کە لەناو حیزب بین ئەو کات ئەتوانین کاریگەری (حەقیقی) بکەین، وەک سوپرمانێک خۆیان نیشان ئەداین.

حیزب کە ئامانجی سەرەکی دەسەلاتە،لەپێناو گەیشتن بە دەسەلات ئامادەیە هەموو ڕێگا و ئامرازێک بەکاربێنێت، ئەمەش تەنها بنەمای حیزبەکانی کوردستان نیە، حیزبەکانی وولاتانی پێشکەوتوو و دیموکراتیش هەمان بنەمایان

هەیە، جیاوازیەکە تەنها لە جیاوازی ئاستی هۆشیاری میللەتەکان دایە، ئەوەی میللەتێکی دواکەوتوو و نەزان لە حیزبەکانی قبول ئەکات، میللەتە هۆشیار و پێشکەوتووەکان لە حیزبەکانیان قبول ناکەن، ئاستی هۆشیاری هەر میللەتێکیش بە رۆشەنبیرانیەوە پێوەر ئەکرێت.

## رۆشەنبیر و کۆمەل

رۆشەنبیری کورد بەلای کۆمەلی کورد چ واتایەک ئەگەینێت؟ بە دەیانیان کۆبوونەوە، هەرەشەی خۆ سوتاندنیان لە پارتی و یەکیەتی کرد تا شەڕ رابگرن، بەچاوی خۆم بینیم کە خەلک (شخاتە و جەرخی) بۆ هەلئەدان، بە گوێی خۆم بیستم خەلک هاواری ئەکرد، ئەیان ووت: درۆ ئەکەن، درۆ ئەکەن، خەلکانێکیش ئەیانگووت: جا ئەو حیزبانە منەتیان بە ئێوەیە؟ بە مال و مندالەوە خۆتان بسوتێنن ئەوان شەڕی خۆیان راناگرن.

**ئەرێ کامانیان هۆشیارتر و تێگەیشتووتر بوون، رۆشەنبیران یان خەلک؟**
**کامانیان ئەو دوو حیزبەیان باشتر ئەناسی، رۆشەنبیران یان خەلک؟**

کێ بوون ئەوانەی شەڕیان هەلگیرساند؟ کێ بوون ئەوانەی شەڕیان گەرم ئەکرد؟ تا ئەمڕۆش کێن ئەوانەی دامودەزگاکانی حیزبەکان بەڕێوە ئەبەن، بەتایبەتی دەزگاکانی راگەیاندن؟؟؟؟؟ من ئەبێ بە راشکاوانە بلێم ئەوانەی شەڕیان هەلگیرساند، ئەو بەناو رۆشنبیرانە بوون کە لە رۆژانی ئەنفال و کیمیاباران لە بەغدا یان بێ دەنگ دانیشتبوون و گوێیان پڕ لە مس کردبوو و چاویان توند نوقاندبوو، یان ئەوانەی کە ئەوکاتیش بە بەرنامەی رادیۆی و تەلەفزیونیەکان و بە نووسین لە رۆژنامە و گۆڤارەکان چاو و کوێی خەلکیتریشیان ئەبەست.
فرت و فێلکردن و درۆکردنی حیزبیەکان لەگەل رۆشەنبیران و رۆشنبیران لەگەل حیزبیەکان ئەم رۆژەیان دروستکرد کە میللەت و نیشتمان بوونەتە قوربانی.

**١٨ی٥ی٢٠٠٦**